# مۆتەكەی هەڵبژاردن...لە كوردستاندا

## مەجید دڵنیا

هەڵبژاردن ئەو دیاردە شارستانییە بۆ هێنانە سەركاری دەستەیەكی نوێ لە ناوخۆی وڵاتێكدا.ئەو پرۆسەیە بۆ پێكهێنانی حكومەتێكی نوێ یا هەر كارێكی ڕێكخراوەیی تر بێت ڕوودەدات.هەمووەمان هەڵبژاردنی ساڵی 1992مان لە یادە،گەر چی ئەوە یەكەمجاربوو لە مێژوویەكی دووردا كورد هەڵبژاردن بە ئاشكرا لەسەر پارچەیەكی خاكی خۆی ئەنجام بدات.پرۆسەكە كۆمەڵێك كاری ناقانونی وتەزویری بە خۆوە بینی.چونكە دواخستنی بەرەنجامەكانی بە قەناعەت وبەپێی دەنگەكان نەبوو،بۆیە لەدواجاردا نەكرا خۆ لەبەرەنجامەكانی بپارێزرێت،كە ڕوودانەكەی وەكو تەوقیتێك دوواخرابوو .ئەنجامی هەڵبژاردنەكان چۆن بوو؟ چی بوو ؟دوای نزیك بەسێ ڕۆژێك ڕێكەوتنی پەنجا بە پەنجای لێكەوتەوە.كارە نهێنیەكانی ئەودیو پەردە بۆ كەس ئاشكرا نەكرا.كەڵەكە بوونی ناكۆكیەكان ..سەرەنجام بەكارەساتی جەرگ بڕ بۆ خەڵكی كوردستان كۆتایی هات. هەڵبژاردنیش كلۆم درا.بۆیە لەوە بەدوا هیچ شتێك شەرعیەتی نەما. قسەوباسی گەرمی ئێستاش لەسەر هەڵبژاردنەكانی كوردستان و عێراقە.بۆیە سەیر نییە جارێكیتر گرژی و ئاڵۆزی لێرەو لەوێ بە قسەی لێپرسراوان و دەزگاكانی ڕاگەیاندنەوە دیاربێت.پروپاگەندەی هەڵبژاردن كارێكی قانونی و شەرعیە،تا ئەو جێگایەی نەگاتە تەقینەوە،بۆیە دەڵێم تەقینەوەچونكە بەداخەوە ئێمە تەحەمولی زۆر شت ناكەین ولەم ساتەوەختانەشدا لە مەهانە دەگەڕێین.ئێستا كە ڕۆژ دوای ڕۆژ لەساتەكانی هەڵبژاردن نزیك دە بینەوە ،ئەو هەڵبژاردنەی كە پیناچێ لەكاتی خۆیدا بكرێت(،ئەمە سەرەڕای تێبینی خۆم لەسەر هەڵبژاردن بۆ كورد لەچوارچێوەی عێراقدا) بەڵام ئەوەی بەرەو ڕووی دەبینەوە حەقیقەتێكەو پێناچێت كورد زاتی ئەوە بكات بڕیاری یەكجارەكی خۆی بدات و دەستبەرداری عێراقی عەرەبی ببێت. ئێستا ترس و دڵە ڕاوكێ بەرووخساری خەڵكیەوە دەبینرێ،بەتایبەتی دوای دەستپێكردنی پروپاكەندەو كێشمەكێشی تەحالوفی ئەم حیزب و ئەو حیزب وئەم عەشیرەت و ئەو سەرەك خێڵ ،ئەم سەنگەر گواستنەوە و دونیایەك بەڵێن و بەڵێن كاری .كار بەكڕینی خێڵ و ناوچەش گەیشتووە.خەڵك ئەزمونی ڕابردوویان هەیەو حەقیانە نەك دوو دڵ سێ دڵیش بن.ئەم گرژی و ئاڵۆزیە وای لێهاتووە تەنانەت لێپرسراوانیش نایشارنەوە.ئەوەتا عیماد ئەحمەدی یەكێتی لە ڕۆژنامەی میدیا ژمارە (173 )دا دەڵێت :عەوامیلی تەقینەوەی شەڕی ناوخۆ هەیە ئەمێنێتەوە سەر ئێمە وەكو قیادەی یەكێتی و پارتی كە زەمانەتی ئەوە بكەین ئەوە حەقیقەتێكە هەیە چونكە ململانێكە لەسەر دەسەڵاتە.....

هەروەها دەڵێت:دەستتێوەردانی ئەملاو ئەولا ململانێكان لە ئاقارێكی ئاشتیانەوە بەرەو شەڕدەبەن.لەوەڵامی پرسیارێكدا :ئێوە قبوڵی دەكەن ئەگەر پارتی هەڵبژاردنی بردەووە،دەسەڵاتەكانی خۆتان تەسلیم بە پارتی دەكەن .دەڵێ:بەیاساو عورف وئەخلاقی سیاسی ئەبێت بیكەین ئەوە دوو شتی جیاوازە .

دیارە عیماد ئەحمەد زۆر ڕاشكاوانە مەترسیەكانی خستۆتە ڕوو وەك هەندێ لێپرسراوی تر نەیشاردۆتەوە،ڕاشكاوانەش وتویەتی كە ململانێ لەسەر دەسەڵاتە. خوێنەری كوردو خەڵكی كورد كە وتەی لەو بابەتە دەخوێنێتەوە یا گوێی لێدەبێت هێندەیتر بێ ئومێدو ڕەشبینی دایدەگرێت.ئەوەی زێدە ڕۆشنتر دەبێت ئەوەیە كە ئەمانە هەرگیز سوود لە هەڵەكانی ڕابردوو وەرناگرن و هەرگیزیش ئامادەنین ڕێز لە ئیرادەی میللەتەكەیان و هەڵبژاردنیش بگرن. تارمایی كارەكان بەرەو ئەوە دەچن جارێكیتر كورد بە كورد بەكوشت بدەنەوەو دڵی دوژمنانمان پێ خۆش بكەنەوە.

ئەوەتا مام جەلال لەڕۆژی 23-8-2004دا لەكۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانیدا لەسەر دیاردەی گەندەڵی ئیداری ودارایی باسێكی هێناوەتە گۆڕێ مام جەلال باسێك دەگێڕێتەوە لەكاتی حوكمی كلنتۆندا بەڕێز دانیال میتیران لەسەر كێشەی كورد قسە

لەكەڵ كلنتۆندا دەكات .بەوەيكە كورد زوڵمێكى زۆريان لێكراوەو هەقە چارەسەرێك بۆ كێشەكەيان بدۆزرێتەوە.كلينتۆنيش پاش ماوەيەك وتويەتى ڕاستدەكەی كورد ميللەتێكى غەدر لێكراوەو شايستەی ئەوەن (واتە دەوڵەت)بەلأم ئايا دەتوانن خۆيان ئيدارە بكەن ئەوە شتێكيان هەيە تێكبەربوونە دوو حيزب شەڕی يەكتر دەكەن جا ئەگەر ئازادی تەواويان بدەينێ چی لەيەكتر دەكەن لەبەر ئەوە من گومانم هەيە ئەو ميللەتە بتوانێ ئيدارەی خۆی بكات.

بەداخێكى زۆرەوە سەرانى كورد نەك جارێك بگرە سەدان جار ئەم بەلگانە دەدەنە دەست زلهێزەكان ودوژمنەكانيشمان ،بۆ هەموو دونياش دەسەلمێنن كە كورد شايانى ئەوە نين دەوڵەتيان هەبێت وخۆی خۆی بەرێوە بەرێت.بەڕاستى ئەمە ئەو پەڕی شەرمەزاريە گەورە پياوانى دونياو دڵسۆزانى كورد(مەبەستم ئەوە نييە كلنتۆن زۆر دڵسۆزی كوردە) ئاوامان پێبلێن.سەرانى كورد لە ئاست ئەو قسانەدا دەبوو شەرم بيانگرێ و پەندێكيان لە ڕابردوويان وەربگرتايە،نەك بێن بەبەرچاوی خەڵكى كوردستانەوە ئەو قسانە بگێڕنەوەوكەچى ئامادەش نەبن گوێ بيستيبن و پيادەی بكەن. لە كەسيش شاراوە نييە ئەو شەڕە خوێناويەی لە ساڵى 1994دا دەستى پێكرد گەر گلۆپى سووری ئەمەريكا نەبوايە زەحمەت بوو لەو كات وساتەدا بووەستايە.پرسيارێك دێتە پێشەوە باشە ئەی ئەگەر ئەمجارە و لەم بارودۆخە ناسكەدا جارێكيتر ئەمانە دەست بدەنەوە يەخەی يەكتر دڵسۆزان و ئەوانەی چاويان لەم كێشەيەيە چيمان پێدەڵێن.ئايا ئەمە بۆ هەزارەها جاريتر سەلمێنەری ئەوە نابێت كە ئێمە شايانى هيچ نين ،ئايا ئەمە دەقاودەق سەلمێنەری قسەكەی چەندەهای وەكو كلنتۆن نييە.هەر لەم ڕۆژانەشدا هەواڵەكان بلأويان كردەوە كە گوايە يەكێتى داوايەكى پارتى ڕەتكردۆتەوە ،بەوەی پارتى داوايكردووە پەرلەمانى داهاتوو 55 كورسى بۆ پارتى و 45 كورسى بۆ يەكێتى بێت .بيانوی پارتى بۆ ئەم ڕێژەيەش ئەوەيە پارتى دوو پارێزگای لەژێر دەستەو يەكێتيش يەك پارێزگا.ئەمە ئەگەر وابێ نيشاندەری ئەو عەقڵيەتى پاوان خوازانەيەيە كە دەسەلأتداری كوردی لەسە گۆشكراوە.ئەمە پيشانى دەدات بەدەستيان بێت ،ئەمانە هەردوو لايان هەرگيز ئامادەنين نەلەكورسى دەسەلأت بێنە خوارێ و نەئامادەشن دەسەلأت تەسليم بەيەكتربكەن ولەبستێك خاكى ژێر دەسەلأتى يەكتريش خۆشنابن.وەك ئەوەی ئەمانە بەتەمابن تا هەتايە هەر فەرمانڕەوا بن ،بێ ئەوەی حيسابێك بۆ ڕۆژگار بكەن .هۆی هەرە سەرەكيش بەبڕوای من ئەوەيە ئەمانە يەك تۆز متمانەيان بەيەكتر نييە وهەرلايەكيش گەر دەستى بڕوا بەسەر ئەويتردا تەسفيەی لايەكەيتر دەكات .حەقە بپرسين جا ئێوە لە ئێستاوە لەسەر ڕێژەكان ڕێكبكەون ئيتر هەڵبژاردن بۆ دەكەن ئەو كات هەڵبژاردن چ مانايەكى هەيە،لەو كاتەدا هەڵبژاردن جگە لە چاو بەستەكێ مانايەكى تر نابەخشێ.

ئەو داواكاريەی پارتى لە كۆتاييدا جارێكيتر پەنجا بە پەنجايەكيتر چاوەڕێى دەكات. ديارە بەرەنجامەكانيشى لەوەی ساڵى 92 باشتر نابێت.گەرچى ڕەنگە ئەمجارە كارەكان بە ويستى هيچ لايەك نەچێتە پێشەوە ،چونكە ئەمڕۆ ساڵى 92 نييە ولەوانەيە شەڕێكى ناوخۆيتر ببێتە هۆی لەدەستدانى هەموو شتێك. لەم كاتە ناسكەدا كە چاوی دۆست ودوژمنى كورد لەسەر عێراق و كوردستانە ،لەم كاتەيا كە ناوچە تازە ڕزگاركراوەكان لەچارەنوسێكى ناديارا ماونەتەوە.سەرانى كورد لەجياتى هەوڵدان بۆ بەدەست خستنەوەی بەشێكى ئازيزی كوردستان ،كەچى چاوو ڕامانى خەڵكى كوردستانيان گواستۆتەوە سەر لێدوانە خراپەكانيان بۆ هەڵبژاردن وجەنجاڵكردنى خەڵك لەئێستەوە بەبەرەنجامە خراپەكانى هەڵبژاردن و لە ئێستەشەوە نوقلأنەی ئەگەری هەڵيرسانەوەی شەڕی ناوخۆلێدەدەن. سەرانى كورد كە ئەو هەموو حەقيقەتانە دەزانن لە قسەی ناحەزانى كورد ،دەستتێوەردانى دەرەكى، لە هەڵوێستى نامەسئولانەی مەسئولەكان.تێناگەم باشە مادام بۆ ڕێگە چارە دانانێن بۆ كێشەكان يا ئەوانە تەنيا بەهانەن.كاك عيماد ڕاستدەكات ململانێكە لەسەر دەسەلأتە سەركردايەتى كورديش هەموو كات ئامادە بووە تەنازول لە حەقى خۆی بكات و سەريش بۆ دوژمنانى كورد شۆڕبكەن، هيچيش پێيان نەنگ نەبووە.بەلأم بۆ يەكتر ..نا كوفری موتڵەقە وئابڕوو چوونە.باشە برايان وەك چۆن دەيان جار تەنازلتان بۆ دوژمنان كردووە ،جارێكيش تەنازول بۆ يەكتر بكەن.

بۆیە خەڵکی کوردستان ئێستە لەهەر کاتێکی تر سیناریۆی حیزبەکانیان بۆ ڕۆشنە.کاری هەر ئێستای خەڵکی کوردستانە کارێك بکەن تا نەتەوەیەکگرتووەکان سەرپەرشتی سندووقەکانی دەنگدان بکات وهێزێکی ئاشتی پارێزیش بێتە کوردستانەوە تا ئەو دوو لایەنە ناچار بکات مل بەبەرەنجامی هەڵبژاردن بدەن بۆئەوەی هیچ لایەك دەست بۆ کاری توندوتیژی نەبات.یا ئەوتا خەڵك فشاری بخاتە کارو بەخۆپیشاندانی گەورە ڕێگە نەدرێ شەڕو کوشتار بێتە ئاراوە.

بەداخەوە ئەم دواییانە گەورەترین پەرتبوون ولێکترازان لە ڕیزی حیزبەکاندا ڕوویاندا،بەتایبەت چەپەکان،ئەمەش دەکرێ بەنەگبەتیکی تر بێتە ژماردن بەتایبەت لەم کات و ساتەدا کەدەکرا حیزبە بچووکەکانی چەپ وسکۆلار بەرەیەك دروست بکەن لایەنی کەم ببنە قودرەتێك لەیەکلاکەرەوەی کێشمەکێشەکاندا دەورو نەخشێکیان هەبێت،تا ڕێگە بە تەیارێکی مەزهەبی وەکو یەکگرتوو نەدرێت ئەو ببێتە ئەو ئەلتەرناتیڤە .کەچی ئەو حیزبە بچووکانەش لەبەر کاریگەریان لەژێر حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەفیتی ئەوان پێناچی بتوانن بەرەیەکی لەوبابەتە دروست بکەن.بەپێی ویستی ئەوان بێت هەمان ئەزموونی 92 دووبارە دەکەنەوە، بەوەی یەك دوو لەو حیزبە بچووکانە بەچەند دانەیەکی کەمی کورسیەکانی پەرلەمان ووەزارەتیش ڕازی بکەن و زۆرینەی دەسەڵاتیش بۆ خۆیان کۆنترۆڵ بکەن.

بەبڕوای من ڕێگە چارەیەکیتر بۆ ئەوەی تارمایی شەڕ دوور بخرێتەوە خەڵك بە هێزی فشار دەسەڵاتداران ناچار بکات بەوەی حیزبەکان ڕازی بکرێن تا بە پێی ڕێژەی دەنگەکان حکومەت و پەرلەمانیش پێك بهێنرین نەك حیزبێك تەواوی دەسەڵات بگرێتە دەست و ڕێژەی 7٪یش کەم بکرێتەوە تادەرفەتی زیاتر بۆ حیزبە بچووکەکان برەخسێ.ئەمانە دەبێت حیزبەکان و خەڵك بە هێزی فشاری خۆیان بیکەن دەنا ئەمان خۆیان هەرگیز ئەو کارە ناکەن.

سەیرەکە لە وەدایە ئەوان ئاوا دەسەڵاتیان کۆنتۆڵکردووە کەچی شەووڕۆژ بەو دیموکراسیەتەی باسی دەکەن مێشکیان بردووین و دەشیانەوێ بیکەن بە نموونەو بیگوازنەوە بۆ هەموو عێراق!

2004-11-8